السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# دوو سیفەتت تێدایە خوای گەورە خۆشی دەوێن: ژیری و لەسەرخۆیی

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ئەشەجی کوڕی قەیسی فەرموو: «دوو سیفەتت تێدایە خوای گەورە خۆشی دەوێن: ژیری و لەسەرخۆیی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئەشەجی کوڕی قەیسی فەرموو: دوو سیفەتت تێدایە خوای گەورە خۆشی دەوێن: 1/ (ژیری): ئەمیش لە کاتی گفتوگۆکردنی لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرکەوت بۆیە قسەکانی بەڵگە بوو لەسەر بەهێزی درککردنی وهۆشیاری سەبارەت بە تێڕوانین بۆ ئەگەرەکانی داهاتووی ڕووداوەکان. 2/ (و لەسەرخۆیی -پەلەنەکردن-)،:وهۆکار ئەوەیە کە ئەشەج لەسەرخۆ بوو سەیری بەرژەوەندییەکانی دەکرد و بەپەلە بڕیاری نەدەدا لە کاتی هاتنی لەگەڵ قەومەکەیدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5800

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee